




# چەرخێک بۆ وازهێنانی لە جگەرەکێشان

جگـەرە و زیانەکانـی پێویسـت بـە باسـکردن نـاکات، بۆیـە ئەوانـەی فێربوونـە، هەمـوو هەوڵێـك دەدەن تەرکـی بکـەن، ڕێگای جۆراوجـۆر دەگرنەبـەر، گـەرچـی هیـچ شـتێك بەقـەد ئیـرادەی خۆیـان ناتوانێت یارمەتیدەریـان بێـت. لـە پیشـانگای CES2019دا، چەرخێکی جگـەرە داگیرسـاندن لەلایەن کۆمپانیایەکی لوبنانی نمایش کرا کە بە Slighter ناسـراوە، چەرخە بیر بەکارهێنەرەکەی دەخاتـەوە کـە چ کاتێـك جگـەرە بکێشـێ، ئەگـەر بەکارهێنـەر بیهـەوێ لـەو کاتانـەی چەرخەکـە بۆی دیـاری دەکات جگـەرە بکێشـێ، هەرچەنـدی هەوڵ بدا چەرخەکە داناگیرسێت، بەمجۆرە یارمەتیدەدات رۆژ بە رۆژ جگـەرەی پێ کـەم بکاتـەوە.

داتاکانـی پەیوەنـدار بـە چەرخـە سـمارتەکە بەهـۆی ئەپلکەیشـنێکی مۆبایلـەوە نیشـان دەدرێـن، بەکارهێنەر دەتوانێـت بە چاولێکردن لـە داتـاکان بزانێـت چەندە لە تـەرك کردنی جگەرەدا سـەرکەتوو بووە، هەروەها دەکرێت داتاکان بۆ دۆستان و نزیکانیشی بنێرێت، لـە ئاپەکەدا نرخی جگەرەکەش دیاری دەکات و بەبیر بەکارهێنەر دەخاتەوە کە چ پارەیەکت لە خۆڕا لە دەستداوە.. چەرخەکـە شاشـەیەکی بچووکـی هەیـە کە لەودا ژمـارەی جگـەرە کێشراوەکان نیشان دەدات.

# ئامێرێک ئاوی خواردن

یەکێـك لـە کێشـە تەندروسـتییەکان نەبوونـی ئاوی سازگارە، ئاوی بەلوعە و یا ئاوی شار، بۆ خواردنەوە دەشـێن، بـەڵام سـازگار و گونجاونیـن و مەترسـی نەخۆشـیان لێدەکرێـت، ئامێرەکانـی پاڵاوتنـی ئـاو گەلێکـن، بـەڵام هیـچ ئامێرێـك ئاوەکـەت بـۆ ناکاتە ئاوی سەرچاوە و کانزایی، تەنیا دەیپاڵێوێ و خاوێنی دەکاتەوە، ئامێری Mitte کە لە پێیشـانگای ساڵانەی CESدا نمایـش کـرا، بـەو فیلتەرانـەی لەسـەریەتی

# رۆبۆتێک هاوکار و هاودەمی بە ساڵـ

تەمەنـی بەسـاڵداچوون و پیـری قۆناخێکـی سـەختی ژیانـە، پێویسـت بـەوە دەکات یەکێـك هەمیشـە چاودێـری تەندروسـتی دەروونـی و جەسـتەییان بـن، لـەو تەمەنـەدا نەخۆشـییەکان زۆرن و لـە بـاری دەروونیـەوەش پێویسـتە ئاگاداریان بن.

کۆمپانیایـەك هەوڵیـداوە رۆبۆتێـك وەك هـاوکار و هاودەمـی بەسـاڵداچووان بەرهـەم بێنێت و تـا لـە ژیانـی رۆژانەیانـدا یارمەتیـان بـدات. رۆبۆتـی ElliQ زۆر وەك کەسایەتییەکانی کۆمپانیای پیکسار دەچێت، زەینی دەستکرد کە لە رۆبۆتەکەدا سـوودی لێوەرگیراوە، زۆر لەسـەرێیە، لە بـواری سـتایل و دیزانـەوە جۆرێکـە کـە هیـچ وەك رۆبـۆت ناچێـت. شاشـەیەکی لەسـەرە، وەڵامـی بەکارهێنەرەکـەی دەداتەوە. کامێرایەکی لەسەرە کە بۆ پەیوەندییە ڤیدیۆییەکان سـوودی لێوەردەگیردرێت و بەرامبەرەکەشی لەسەر شاشەکە دەبیندرێـت. رۆبۆتـی ناوبـراو هەسـتەوەری کۆنترۆڵکردنـی کەشوهەوای ژوورەوەی هەیە و دەکرێت لە کاتێکی ئاساییدا



ـــــەوەت سازگار دەکات

ئاوەکە دەکاتە ئاوێکی کانزایی و بێ گرفت.

ئامێرەکە بچووکە و بۆ ماڵەوە دەگونجێت و لە ماوەیەکی کەمدا لیترێك ئاو دەگۆڕێت بۆ ئاوی کانزایی. خۆی سێ کاتریجی تێدایە و ئەم سێ کاتریجە دەتوانن ٢٥٠ لیتر ئاو بکەن بە ئاوێکی سازگار، ئامێرەکە بەهۆی ئاپێکی سەر مۆبایل نیشان دەدات کە چەندە ئاو پاڵێوراوە و هەموو ئەو مادە خراپانەی کە لە ئاوەکەدا هەن بە ڕێژە نیشان دەدات.

# پلاکی هۆشمەند وایەرلەیس

لە سەردەمی دیجیتالی نوێدا، مرۆڤیش بەرەو دیجیتالی بوون دەچێت، جەستە هەتا بڵێی بەرەو تەمبەڵی دەڕوات و ئامادە نییە بۆ کوژانەوەی و هەڵکردنی گلۆپی کارەبا، ئامێرەکانی ماڵەوە هەستێت، تەنیا بە مۆبایلەکەی فەرمان دەکات.

لە پیشانگای CES2019دا، پلاکی کارەبای سمارت خرانەڕوو کە بە دەنگ فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن، یان لە ڕێگای دوورەوەش دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێن. پلاکە هۆشمەندەکان بە wi-fi light switch ناسراون. ئەم پلاکانە لە دوورەوە بە دەنگ فەرمانیان پێبکە، بۆ نموونە بڵێ تەلەڤزیۆنەکە پێبکە یان بیکوژێنەوە. گرنگی ئەم پلاکە هۆشمەندانە لەوەدایە، کاتێك دەچی سەفەر دەکەی، نازانی سپلیتەکانی ماڵەوەت کوژاندۆتەوە یان نا، یان تەلەڤزیۆنەکە داگیرساوە بیکوژێنەوە، یان بتهەوێ گشت گلۆپەکانی ماڵەوە بکوژێنیەوە...






ــــــداچووان

شاشەکەی سەری لابەری و وەك تەبلێت سوودی لێوەربگیردرێت. کەسوکاری بەساڵداچووەکان دەتوانن باری تەندروستی و نەخۆشی لە ڕۆبۆتەکە لە ڕێگای دوورەوە بپرسن و هەروەها دەتوانن ژوورەکان ببینن و هەر لە ڕێگای ڕۆبۆتەکە کۆنترۆڵی ژوورەکان بکەن.

ڕۆبۆتی ElliQ لەکاتی خۆیدا بیر بەکارهێنەرەکەی دەخاتەوە کە هەستێ هەندێك بە پێ بڕوات، یان کاتی ئەوەیە کە حەب و دەرمانەکانی بخوات.



# کامێرایەک راستەوخۆ بە ئایفۆن پەیوەند دەدرێ

لـە پیشـانگای سـاڵانەی CES ئەمسـاڵدا زۆر داهێنانـی نـوێ بەرچاو دەکەوتـن، بەتایبەتی لە بواری کامێرا و کاتژمێر و تەبلێت و لاپتۆپدا..

کۆمپانیـای VuPoint لـە پیشـانگادا دوو کامێـرای ئەکشنی خۆی خستەڕوو، واتە ئەو کامێرایانەی کە بۆ تۆمارکردنی فیلمی جوڵەدار وەك وەرزش و جۆڵەکان لە بەرهەمهێنانی فیلمێکدا بەکاردێن.

یەکێـك لـە کامێراکان کـە بە جۆری smize ناسـراوە و راسـتەوخۆ لەگـەڵ مۆبایـل ئایفۆن و ئایپـاد پەیوەند دەدرێت. ئەو وێنانەی بەو کامێرایە دەگیردرێن سەرووی فول ئیچدین. زۆرتر وەك کامێراکانەی Gopro دەچێت.

کامێراکـە ئاپێکی تایبەتیشـی لەگەڵدایە کە دەکرێت هەر لەوکاتەدا فیلمەکە دەگری مۆزیکشـی بۆ دابنێی یـان دیمەنـی سـتۆدیۆیی تێـدا زیـاد بکرێـت. هەندێك تایبەتمەنـدی دیکـەی کامێراکـە بریتیـە لە پشـتیوانی کـردن لـە میمۆری تایبەتـی خـۆی، تۆمارکردنی تایم لپـس، وێنـەی لایـف بـۆ تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان. ئەگـەر بەکارهێنـەر بچێتـە نـاو ئاویـش دەتوانێـت فیلم و وێنـە هەڵبگرتێـەوە چونکـە هەتـا قوڵایـی دە مەتـر خۆڕادەگرێت.

# مۆنتیۆرێکی تەنک و پۆرتێبڵ

زۆر ئامێـری دیجیتالـی سـەردەم بـۆ هەڵگرتـن و سەفەر و گەشت و گەڕان دەبن، چونکە بچوکن و کەم کێشـن، بەڵام بۆ مۆنیتیۆر واتە (شاشـە) رەنگە ئەمە دژوار بێـت. کۆمپانیایەکی مۆنتیۆری ١٢,٥ ئینجی Lapscreenی لە پیشانگای لاس و گاسدا خستەڕوو هـەم کێشـی کەمە و هەم تەنکـە، بەکارهێنەر دەتوانی لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێك ببیات.




شاشـەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی سـەرەکی کـە دەکرێـت شاشـەی لەسـەر دابندرێ و تەنیا و تەنیا ٤ ملم باریکە. بەشـەکەی تر کە شوێنی وایەرەکانە ٨ ملمـە. شاشـەکە بـە کێبڵێکی USB دەکرێت بە لاپتۆپ و مۆبایلەوە پەیوەند بدرێت.

درێژایی مۆنتیۆرەکە ٢٨ سـانتیمە و پانایشـی ٢١ سـانتیم و کێشـەکەی تەنیـا ٤٠٠ گرامـە، کوالیتـی نیشـاندانی full HDیە. گۆشەی دیدی مۆنتیۆرەکە ١٧٨ پلەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکـی بەڕێـز دەپرسـێت چۆن بکـەم کە پاسـۆردێکی بەهێز دابنێم بۆ ئەوەی هاك نەکرێم؟**

خوێنـەری بەڕێز لەگوگلدا سـێرچ بکـە و دەبینـی چەنـد سـایتێك هـەن، بەهێزترین پاسۆردت بۆ دروست دەکەن، بـەڵام ئەگـەر خـۆت نیازتـە پاسـۆرد دروسـت بکـەی، پێویسـتە لـە ژمـارە یـان پیت بـە تەنیا خۆبپارێزە، هەوڵمەدە نـاوی خـۆت یان نزیکانـت، یان رۆژی لەدایك بوونت بکەی بە پاسـۆرد... بۆ ئەوەی کە پاسـۆردێکی بەهێزت هەبێ و لە هەمانکاتدا لەبیریشـت نەچێتەوە، دەکرێـت نـاوی نزیکـت بێت بـەڵام بەو شـێوەیە نەنووسـرێت کە دەینووسـی بۆ نموونـە پاسـۆردەکەت نـاو دەنێـی as-manipak نابـێ ئـاوا بنووسـرێ بەڵکـو دەبێـت تێکەڵاوێك بێت لە پیتی گـەورە و بچـووك، ژمـارە و کاراکتـەر بـۆ پاسـۆردێکی ئـاوا دەکرێـت ئـاوا بنووسـی (AsMan1p@k) هەمـان مەبەسـتەکەی تۆیـە، بـەڵام بەمجـۆرە نووسـراوە، هـەم لەبیری ناکـەی و هەم پاسۆردێکی بەهێزیشە..



# کاتژمێرێکی تایبەت بە وەرزش و چالاکی جەستەیی

پێشانگای ئەمساڵی CES2019 کە لە سەرەتای زستانەوە بەڕێوەچوو، کاتژمێری هۆشمەندەکان لەلایەن زۆربەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێوە خرانەڕوو. کۆمپانیای mobvoi لەو پێشانگایەدا دوو کاتژمێری خستەڕوو کە بە جۆرەکانی TicWatch E2 ناسراوە. کاتژمێرەکە لە سیستەمی wear OS سوود وەردەگرێ. کاتژمێری ناوبراو ئۆتۆماتیکی توانای ناسینی جۆری چالاکیەکانی جەستەیی هەیە، بۆ نموونە کاتێك بەکارهێنەر سواری پایسکل دەبێت و هەرکات یەکەم پێدانی لێدا، کاتژمێرەکە دەچێتە سەر وەرزشی پایسکل لێخوڕین.

کاتژمێرەکە کاتژمێرێکی هاوشێوەی هەیە، بەڵام تۆزێك جیاوازترە لە مەوادیەکی پتەو دروستکراون کە لەکاتی هەلومەرجی سەختی وەك بەربوونەوە، کەوتنە ناو ئاو و کەش هەوای گەرم و سارد تێکناچن، لە قوڵایی ئاویشدا کێشەیان بۆ نایەتە پێش، کاتژمێرەکان وەك کاتژمێرێکی نیزامی ناسراون و لە هەلومەرجی شەڕیشدا سوودیان لێوەربگیردرێت. ئەرکەکانی دیکە وەك، بەرزی پێو، ژیروسکوپ، لێدانی دڵیشی تێدایە.



## ماڵپەڕێک وێنەی روخسار دەکاتە 3D

ئەگەر دەتهەوێ وێنەی روخساری خۆت بەشێوەی سێ دەوری ببینی، سەر لە ماڵپەڕی /sitepal.com photoface_sample_pop بدە. لەم سایتەدا بە ئاسانترین شێوە وێنەی دیجیتالی خۆت دەکاتە سێ رەهەندی. یان ئاڤاتاری وەك خۆت دروست دەکات، دوای ئەوەی وێنەکەت بوو بە سێ رەهەندی دەکرێ دەنگیشی لەسەر دابندرێ.

بۆ ئەوەی کارکردی ماڵپەڕەکە ببینی، دەکرێت سەرێك لەو وێنە نموونەیانە بدەی کە لە سایتەکەدا هەن، بۆ ئەوەی وێنەکەت بکەی بە سێ رەهەندی دوگمەی Upload your photo دابگرە، ئەگەر ئەوەت کرد پەنجەرەیەکی نوێ لەبەشی دیزایندا دەکرێتەوە، لەسەر دوگمەی Lets start کلیك بکە و دەکرێت بەهۆی کامێرای لاپتۆپەکەت یان وێنەیەکی خۆت کەلەسەر کۆمپیوتەردا هەیە هەڵبژێری و بیکەی بە وێنەی سێ رەهەندی.



# پرۆگرامێک بۆ پاسۆرد دانان لەسەر فلاش میمۆری

ئەوانەی کاری نووسین دەکەن بۆ راگواستن و هەڵگرتنی داتاکانیان لە فلاش میمۆری سوود وەردەگرن، نەك تەنیا ئەوانە بەڵکو وای لێهاتووە هەموو کەس فلاش میمۆرییەکی لە ژیاندا بۆ هەڵگرتنی وێنە و فیلم و داتاکانی پێویستە.

بەڵام کێشەیەك لە فلاش میمۆری دا هەیە ئەویش ئەوەیە بۆخۆی هیچ جێگایەکی نییە بۆ کۆد و پاسۆرد لەسەردانان، تەنیا بە پرۆگرام دەکرێت پاسۆرد لەسەر فلاش دابندرێت، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە، پرۆگرامی USB Secureیە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت لەسەر فلاش میمۆری، میمۆری کارت، یا هاردی پۆرتێبڵ پاسۆرد دابنێی تا کەسانی دیکە نەتوانن بیکەنەوە و دزە بکەنە ناو داتاکانی ناویانەوە.

پرۆگرامەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کار دەکات، کاتێك فلاش میمۆری لە کۆمپیوتەر دەخرێت بۆ ئەوەی بکرێتەوە داوای پاسۆرد دەکات، پێشووتر دەبێ هەر بەو پرۆگرامە پاسۆردت دانابێ.

بەشێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- وردبینیەکی زۆری هەیە لەدانانی پاسۆرد
- ئەمنییەتیەکی تەواو هەیە لەکاتی ون بووندا.
- لەسەر کارت میمۆری و فلاش میمۆری و هارد پاسۆرد دادەنێ.